فایلی 3

کۆرۆنا و سیاسەتی جیهان؛

لە نێوان جەنگی بایۆلۆژی و تیۆری پیلانگێڕیدا



کۆرۆنا ئەو جیهانگیرییە لەناوەبات کە پێی ئاشنابن

«ماناوە بۆ ئەو پیشانەیە کە دەتوانرێت لە ماڵیشەوە ئەنجام بدرێن»

فلیپ لیگرەین

تاوەکوو ئەم دواییانە، زۆربەی سیاسەت داڕێژەران و وەبەرهێنەران لە هەمبەر کاریگەرییە ئابووریە چاوەڕوانکراوەکەی قەیرانی کۆرۆنا بێ باك بوون. تاوەکوو کۆتایی مانگی دووی ئەمساڵ(2020)، زۆرێك بە هەڵە پێیان وابوو ئەم قەیرانە تەنها کاریگەرییەکی کورتخایەن و سنووردار دەبێت و بە دیاری کراوی تایبەتە بە چین. ئێستا دەرکییان بەوە کردوە، کە ئەم قەیرانە جیهانی توشی ڕاچڵەکان کردوە و ڕەنگە زۆر بەهێز بێت، بەڵام هیشتا زۆرێك لایان وایە کورتخایەنە، بەڵام ئەی چی ئەگەر گۆڕانکارییە ئابووریەکە کاریگەرییەکی درێژخایەنی هەبێت؟ ئایا پەتای کۆرۆنا دەبێتە دوا بزماری تابووتی قۆناغی جیهانگیری ئێستا؟

قەیرانی کۆرۆنا پەردەی لە سەر لایەنە نەڕێنییەکانی پێکەوەگرێدرانی فراوانی نێودەوڵەتی هەڵداوەتەوە و ترسی لای بیانییەکان دروستکردوە و ڕەوایەتی داوەتە کۆتوبەندەکانی وڵاتان، کە خراونەتە سەر بازرگانی جیهانی و جووڵە و هاتوچۆی خەڵك.

لە ناکاو هەموو جۆرە پیشەکان دەرکییان بە مەترسی پشتبەستن بە زنجیرەی ئاڵۆزی دابینکاری جیهانی کرد، کە مەترسییەکە تەنها تایبەت نییە بە چینەوە، بەڵکوو پێوەندیشی بە شوێنە تایبەتەکانی وەکوو وهان هەیە، کە بوە ناوەندی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە. خەڵکی چین – پاشان ئیتالییەکان و ئێرانییەکان و کۆریەکان و ئەوانی تر– بەشێوەیەکی بەرفراوان بوونە گوێزەرەوەی نەخۆشییەکە؛ بەرپرسانی باڵای پارتی کۆماری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نەخۆشییەکەیان ناوناوە «ڤایرۆسی کۆرۆنای چینی».

گوێزەرەوە.

لە هەمان کاتدا، حکوومەتی وڵاتان بە هەموو جۆرەکانییەوە کەوتوونەتە سەپاندنی قەدەغەی گەشتەکان و مامەڵەکانی وەرگرتنی قیزا و کۆتوبەندەکانی سەر هاوردەکردن. ئەوەی، کە زۆر فراوانە قەدەغەکردنی زۆربەی گەشتەکانی ئەورووپایە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە دۆنالد ترەمپ لە (11)ی مارس ڕایگەیاند، بەڵام هەنگاوێکی ناوازە نییە. هەموو ئەمە وای کردوە ئابووری و سیاسەتی وڵاتان زیاتر ببنە نیشتیمانی.

ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەم وەرچەرخانە کتوپڕە کاتی بێت، بەڵام قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەوانەیە کاریگەرییەکی درێژخایەنی هەبێت، بە تایبەتی کاتێك دەبێتە هۆی بەهێز بوونی ئەو ڕەوت و ئاڕاستانەی، کە پێشوەخت جیهانگیرییان لاواز کردوە. ڕەنگە زەبرێك لە زنجیرە دابینکارییە نێودەوڵەتییە دابەشبوەکان بدات و جووڵەی بێ ئەندازەی گەشتیارانی کاری سەرانسەری جیهان کەم بکاتەوە و کارتێکی سیاسی بێت بۆ ئەو نەتەوەپەرستانەی، کە لایەنگری سیاسەتی پارێزگاری گەورەی ناوخۆیی و سنووردارکردنی کۆچ دەکەن.

زنجیرە دابینکارییە ئاڵۆزەکانی چین، کە زۆربەی کۆمپانیاکانی خۆرئاوا پشتیان پێبەستبوون بە تایبەت لە مەترسیدان. بە هۆی بەرز بوونەوەی کرێی کار و زیاتر دەوڵەمەندبوونی چین، سوود و قازانجی بەرهەمهێنان لە وڵاتەکە کەم بوەتەوە لەم ساڵانەی دواییدا. ئەوەی زیاتر مەترسی ئەمەی دەرخست بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ بوو بۆ سەپاندنی باج وەك سزا بە سەر هاوردەکراوەکانی چین لە ساڵی (2018 و 2019)، کە وای لە کار و پیشە جیاوازەکان کرد بە دوای جێگرەوەدا بگەڕێن.

لە گەڵ ئەوەی ڕێکەوتنەکەی کانونی دووەم وەك ئاگربەستێکی لاواز بوو بۆ جەنگی بازرگانی نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام مەترسییەکانی بەرهەمهێنان لە چین هێشتا ماونەتەوە، هەریەك لە دیموکراتەکان و کۆمارییەکان تا دێت زیاتر چین وەك نەیارێکی درێژخایەنی ستراتیژی دەبینن، کە پێویستە کۆتوبەند بکرێت. هەر کە جەنگە بازرگانییەکە کەم بوەوە کۆرۆنا هاتە ناوەوە. داخستنی کارگەکانی چین ئاستی هەناردەکردنی بۆ لە سەدا (17) کەم کردەوە لە دوو مانگی سەرەتای ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی پێشوو، بوە هۆی پچڕاندنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل و مۆبایل و کاڵاکانی دیکەی ئەورووپا.

بەردەوامی شتێکی کاریگەرە. بەرهەمهێنان لە چین هێشتاش خاسییەتی زۆری هەیە، بەڵام قەیرانی کۆرۆنا گەیشتوەتە خاڵێك دەکرێت پاڵ بە زۆرێك لە کار و پیشەکانەوە بنێت زنجیرەی دابینکاری خۆیان نوێ بکەنەوە و بەشێوەیەکی زۆر تۆکمەتر و زۆر ناوخۆیی تر بەرهەمهێنان بکەن.

یەکێـك لـە بـژاردەکان گۆڕیـن و هەمەجۆرکردنـی پرۆسـەی بەرهەمهێنانـە لـە نێـو وڵاتانـی دیکـەی ئاسـیا، لەوانـە ڤێتنـام و ئیندۆنیسـیا. بژاردەیەکـی تـر کـورت کردنـەوەی زنجیـرەی دابینکاریـیە، بـەوەی کۆمپانیاکانـی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بـۆ بەرهەمهێنـان جووڵـە بکـەن بـەرەو مەکسـیك و لـە ئەورووپـای خۆرئـاواوە بچـن بـۆ ئەورووپـای خۆرهـەڵات یاخـود تورکیـا. بـژاردەی سـێیەم وەبەرهێنانـە لـە بـواری ڕۆبۆتـەکان و چاپـی سـێ ڕەهەنـدی لـە چوارچێـوەی وڵاتـە خـاوەن ئابووریـیە پێشـکەوتووەکان و لـە نزیـك بەکاربەرانـەوە.

دووەم لێکەوتـەی درێژخایەنـی قەیرانـی کۆرۆنـا ڕەنگـە کەمبوونـەوەی ئاسـتی گەشـتی بازرگانـی بێـت. شـارەزایانی تەکنەلۆژیـا دەمێکـە پێیـان وایـە کۆنفرانسـی ڤیدیۆیـی و بەرنامەکانـی چاتکـردن وادەکـەن هیـچ پێویسـتییەك نەمێنێـت بـە گەشـتی بازرگانیـی و یارمەتـی خەڵکانێکـی زۆر دەدەن زیاتـر لـە ماڵـەوە کاربکـەن. لـە گـەڵ ئـەوەدا، تاوەکـوو قەیرانـی کۆرۆنـاش گەشـتی بازرگانـی بەشـێوەیەکی نەگـۆڕ هەر بـەردەوام لـە زۆربوونـدا بـوە.

ئێسـتا ئەگـەر بـە هـۆی قەدەغـەی حکوومەتـەوە بێـت یاخـود بڕیـاری کۆمپانیـاکان یاخـود ترسـی تـاك خۆیـەوە، زۆربـەی گەشـتە نێودەوڵەتییـە گرینگـەکان هەڵوەشـێنراونەتەوە و ئەوانەی دەتوانـن لـە ماڵـەوە کاربکـەن زیاتـر دەمێننـەوە. لـە سـایەی ئـەم قەدەغەکردنـەوە، ڕەنگـە کار و بازرگانییـەکان ئەوەیـان بـۆ دەربکەوێـت، کـە لـە گـەڵ ئـەوەی هەندێـک جـار چاوپێکەوتنـی ڕووبـەڕوو گرینگـن، بـەڵام جێگـرەوە تەکنەلۆژییـەکان زۆرجـار باشـن _ خەرجییـان کەمـترە و کات دەگێڕنـەوە و کەمـتر زیانییـان بـۆ ژیانـی خێزانـی هەیـە. لـە سـەروەختێکدا نیگەرانییـەکان لـە زیادبـوون دان لەبـارەی کاریگەریـی دەردراوەکانـی فرۆکـەکان لـە سـەر ژینگـە و لـە گـەڵ ئـەوەی زۆربـەی کار و پیشـەکان بـە پەرۆشـن بـۆ پەیوەسـت بـوون بـە هۆشـیاریی و پاڵپشـتی ژینگەیـی، هـەم هـۆکاری ژینگەیـی و هـەم ئابـووری هەیـە بـۆ کـەم بوونـەوەی گەشـتی بازرگانـی.

ڕەنگـە لـە هەمـووی کاریگەرتـر ئەوەبێـت گەمـەی قەیرانـی کۆرۆنـا کەوتوەتـە دەسـتی ئـەو نەتەوەپەرسـتانەوە، کـە لایەنگـری سیاسـەتی سـنووردارکردنی کـۆچ و پارێزبەنـدی ناوخۆیـی دەکـەن.

نەیارانی جیهانگیری، کۆرۆنا لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنن

ئەم قەیرانە ئەو تێڕوانینانەی خەست کردوەتەوە، کە دەڵێن بیانییەکان هەڕەشەن. بوەتە چەکی دەستی ئەوانەی باوەڕیان بە حکوومەتی بەهێز هەیە

مـەودا و خێرایـی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـەکە لـە سەرانسـەری جیهـان ئـەوەی دەرخسـتوە، کـە خەڵـک چەنـدە لـە مەترسـیدان لەبـەر دەم هەڕەشـە دەرەکییـە بەردەوامـەکان. ڤایرۆسـی کۆرۆنا نـەک تەنهـا لـە شـارە گەورەکانـی وەک لەنـدەن و نیویـۆرک بڵاوبوەتـەوە، بەڵکـوو ڕاسـتەوخۆ دزەی کردوەتـە نێـو شـارە هەرێمییەکانـی وەکـوو دایگـو، کـە چـوارەم گەورەتریـن شـاری کۆریـای باشـووڕە، چوەتـە نێـو مـاڵ و شـوێنەکانی قـەراغ سـیتڵ و تەنانـەت شـارۆچکە بچوکەکانـی وەک کاسـتیگلیۆن ئـاددا، کـە یەکێکـە لـەو (10) شـارۆچکەی لامبـۆردی، کـە یەکـەم جـار لـە مانگـی دوو لـە لایـەن حکوومەتـی ئیتالیـاوە کەرەنتیـن کـران.

لـە گـەڵ ئـەوەی سـەرکردە نێودەوڵەتییـەکان قسـەی جـوان دەکـەن لەبـارەی پیویسـتی کاری هاوئاهەنگـی لـە دەرەوەی سـنووورەکان بـۆ بـەرەو ڕووبوونـەوەی ئـەو هەڕەشـە هاوبەشـە چـاوەڕوان نەکـراوە، بـەڵام کردارەکانیـان زۆرجـار پێچەوانـەی قسـەکانیان بـوە. زۆربـەی حکوومەتـە لیبراڵـەکان، بەشـێوەیەکی زۆر گەورەتـر لـەوەی، کـە تەرمـپ لـە لوتکـەی قەیرانەکەیـدا لـە گـەڵ چیـن لـە سـاڵی ڕابـردوو(2019) سـەپاندی، کۆتوبەندییـان خسـتوەتە سـەر گەشـت و بازرگانـی.

(جاسـیندا ئەردیـرن)، سـەرۆك وەزیرانـی چەپـڕەوی نیوزلەنـدا، بـە خێرایـی ڕێگـری کـرد لـەوەی ئـەو کەسـانەی هاوڵاتـی نیوزلەنـدی نیـن لـە چینـەوە بێنـە نێـو وڵاتەکـەوە. لـە گـەڵ ئـەوەی ئـەو جـۆرە قەدەغـە سەرانسـەرییانە ڕەنگـە بـە پاسـاوی تەندروسـتی گشـتی یاخـود بـێ پاسـاو بسـەپێنرێن، ڕەوایەتییەکی گـەورە دەدەنـە ئەوانەی، کە داخسـتنی سـنوور وەك چارەسـەری هەمـوو نەخۆشـییەك دەبینـن.

تەنانـەت لـە نێـو تاکـە بـازاڕی ئـازاد و بـێ بەربەسـتی یەکێتـی ئەورووپـادا، فەرەنسـا و ئەڵمانیـا هەناردەکردنـی دەمامکییـان قەدەغـە کـردوە، ئەمـە بـۆ سیاسـەتی ئینتەرناسـیۆنالیزمی لیبراڵـی و بەرپرسـیارێتی سـەرۆك ماکـرۆن و مێرکلـی ڕاوێـژکار لـە بەرامبـەر یەکێتـی ئەورووپـا هەمـوو شـتەکەیە. ئـەوەی زیاتـر مایـەی سەرسـوڕمانە ئەوەیـە هیـچ کام لـە (26) حکوومەتەکـەی یەکێتـی ئەورووپـا وەڵامدانەوەیـان نەبـوە بـۆ بانگـەوازە پێویسـت و بـە پەلەکـەی ئیتالیـا بـۆ هـاوکاری تەندروسـتی لـە گـەڵ ئـەوەدا چیـن وەڵامدانـەوەی هەبـوە.

دەبێـت دان بەوەشـدا بنرێـت، کـە قەیرانـی کۆرۆنـا بـێ ناوەڕۆکیـی و بێمانایـی پێداگرییەکانـی نەتەوەپەرسـتەکانی لـە سـەر ئـەوەی سیاسـەتی دژە پەنابـەری و سیاسـەتی پارێـزگاری نیشـتیمانی خەڵـك سـەلامەت دەکات دەرخسـتوە. تەنانـەت ئـەو هاوپەیمانێتییـە نەتەوەییـەی، کـە حکوومەتـی هەرێمـی لامبـۆردی بەڕێوەدەبـات بـە سـەرکردایەتی حیزبـی ڕاسـتڕەوی (League party)ی (ماتیـۆ سـالڤین)ی، نەیتوانیـوە سـەرکەوتوو بێـت لـە پاراسـتنی هەرێمەکـە لـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا. تەرمپیـش بـەو هەمـوو ئارەزوویـەی هەیبـوو بـۆ خۆدابڕیـن لـە چیـن نەیتوانـی ڕێگـری لـە هاتنـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بـۆ نێـو ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بـکات.

ڕەنگـە تەرمـپ بـۆ خـۆی لـە هەڵبژاردنـە سـەرۆکایەتییەکەی داهاتـوو باجـی کەمتەرخەمـی و ئیدارەدانـی خراپـی قەیرانـی تەندروسـتی گشـتی بـدات، بـەڵام بەگشـتی قەیرانـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا خەڵاتێکـە بـۆ نەتەوەپەرسـتە ڕەسـەنەکان و پارێزخـوازەکان.

ئـەم قەیرانـە ئـەو تێڕوانینانـەی خەسـت کردوەتـەوە، کـە دەڵێـن بیانییـەکان هەڕەشـەن. ئـەوەی دووپـات کردوەتـەوە، کـە ئـەو وڵاتانـەی لـە قەیرانەکـەدان ناتوانـن هەمیشـە پشـت بـە دراوسـێکانیان و هاوپەیمانەکانیـان ببەسـتن بـۆ هـاوکاری. بوەتـە چەکـی دەسـتی ئەوانـەی باوەڕیـان بـە حکوومەتـی بەهێـز هەیـە و پێویسـتییە کۆمەڵایەتییـەکان دەخەنـە پێـش ئـازادی تاکەکەسـی و کاری نەتەوەیـی دەخەنـە پێـش هەماهەنگـی نێودەوڵەتـی، وەك چـۆن هیندسـتان هاوردەکردنـی دەرمانـی ژیـان ڕزگارکـەری لـە کەرتـی فراوانـی دەرمانسـازی سـنوردار کـرد.

دەرەنجام

قەیرانـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا مەترسـی ئـەوەی هەیـە، دونیایەکـی کەمـتر بەجیهانیبـوو بهێنێتـە ئـاراوە. لـە گـەڵ کەمبوونـەوەی پەتاکـە و ترسـی خەڵـك، ئەوانـەی باوەڕیـان وایـە کراوەیـی لـە بەرامبـەر خەڵـك و بەرهەمەکانـی سەرانسـەری جیهـان بەگشـتی شـتێکی باشـە، دەبێـت بەشـێوەیەکی نـوێ و قایلکـەر پاسـاو بـۆ ئـەوە بهێننـەوە.

(کۆڤید- 19) و سیاسەتی نێودەوڵەتی

بۆچی هەموو ئەوەی لە فیلمەکان دەیبینین دواتر ڕوو دەدەن؟

ڤایرۆسی کۆرۆنا: جەنگی بایۆلۆژییە یان تیۆری پیلانگێڕی و کارەساتی سروشتی؟

هەرگیز جیهان پێشبینی شەپۆلێکی ڤایرۆسی پەتای بەهێزی بەم شێوەیەی کۆرۆنای نەدەکرد، بەڵکوو کاتێك مەترسی و هەڕەشەی (کۆڤید- 19) بەو گەورەییە دەرکەوت، تیدۆرس ئەدهانۆم بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) لە ڕۆژی (11ی ئاداری 2019) ڕای گەیاند، کە ڕێکخراوەکە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهاندا بەو شێوە بەر بڵاوە، بە پەتایەکی جیهانی مەترسیدار دەداتە قەڵەم، بەڵام ئێستا بە هۆی ئەو کاردانەوە سیاسییانەی دەستیان پێ کردوە، دەرهاویشتەی قەیرانەکان و ئاڵۆزی و ململانێ سیاسییەکان دەخرێتە پاڵ قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا «کۆڤید 19».

پێوەندیی کۆرۆنا بە تیۆری موئامەرە

ئێستا لە هەر کاتێکی ڕابردوو زیاتر (تیۆری موئامەرە) و یەکتری تۆمەتبارکردنی سەرۆك دەوڵەتەکان و لێپرسراوە نەیارەکان لێرە و لەوێ بە دی دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی، کە ئێستا هەموو جیهان بە یەکگرتوویی وەستاوە و بەرەنگاری ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێتەوە. میدیای ڕووسی لە سەرەتای قەیرانی ڤایرۆسی (کۆڤید- 19)وە فۆکسی خستە سەر یەك خاڵی بنەڕەتی؛ ئەویش ئەوەیە، کە دەستەبژێرە سیاسییەکان لە خۆڕئاوا، بە تایبەتی دەستەبژێری ئەمریکی، لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەو ڤایرۆسەوەن: تیۆری چەکی بایۆلۆژی ئیتنیکی، کە سەرەتا لە ڕاپۆرتە هەواڵێکی میدیای ڕوسیاوە بڵاو بوەوە و ئەوەی ئاشکرا کردوە، کە تاقیگەکانی ئەمریکا کار دەکەن، لە سەر پەرەپێدانی چەکە بایۆلۆژی و میکرۆبییەکان، تاکوو لە کۆتاییدا نەوەی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (کۆڤید- 19) پەیدا بوو، کە دەکرێت وەك «چەکێکی بایۆلۆژیی ئیتنیکی» دابنرێت.

ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نێوان جەنگی بایۆلۆژی و قۆرخکردنی بازاڕی چارەسەرکردن

فرانسیس بویل، شارەزای ئەمریکی لە بواری چەکە بایۆلۆژییەکاندا، چەند دەرهاویشتەیەکی گرینگی ئاشکرا کردوە، کە دەڵێت: ڤایرۆسی کۆرۆنا بەشێکە لە گروپێکی ڤایرۆسی پێی دەگوترێت: «گروپی بەکرێگیراوە بایۆلۆژییەکان»، کە لە چوارچێوەی چالاکییەکانی جەنگی بایۆلۆژی(Biological Warfare)دا پەرەیان پێ دەدرێت، هەروەها ئاشکرای کردوە، کە پەرەپێدانی ئەو ڤایرۆسانە هاوشێوەی «ئەنتراکس، مێرس، شیاوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سارس» لە نێو تاقیگەکانی زانکۆی کارۆلینای باکوور کاری لە سەر دەکرێت؛ واتا لەوێ تاقیکردنەوەی پەرەپێدان و پێشخستنی ئەو ڤایرۆسانە لەو تاقیگانەدا دەکرێت، کە پێیان دەگوترێت (لیڤڵی سەلامەتی بایۆلۆژیی)، ئەویش لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەگوترێت «جەنگی بایۆلۆژی»، بە تایبەتی لیڤڵی چوارەم .(BSL4) شیاوی باسکردنە ئەمریکا خاوەنی (12) تاقیگەی لیڤڵی چوارەمی سەلامەتی بایۆلۆژییە.

(چیاو لی جان) گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین ئاشکرای کردوە، ڤایرۆسەکە لە ڕێگەی سوپای ئەمریکاوە گواستراوەتەوە بۆ شاری ووهان، بەر لەوەی بگۆڕێت بۆ پەتایەکی مەترسیدار.

تاوانبارکردنی شەمشەمەکوێرە لە جەنگی بایۆلۆژیدا

جگە لەویش کۆرۆنا چەند تایبەتمەندییەکی پیشەیی زیادکراوی هەیە، لەبەر ئەوەی کە لە خێزانی ڤایرۆسی (سارس)ە، کە زۆرێك لە شارەزایان و زاناکان کۆکن لە سەر ئەوەی، کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی بایۆلۆژی دروست کراوە، و دەکرێت بە چەکێکی بایۆلۆژی هێرشبەر ناو ببرێت. گەر سەرچاوەی سەرەکی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا شەمشەمەکوێرە بێت، کەواتا بۆچی لە هەندێك دەوڵەتدا بڵاو نەبوەتەوە، کە تێیاندا شۆربای شەمشەمەکوێرە ژەمێکی سەرەکییە؟

بۆچی دەمێك ساڵە ئەمریکا جەنگی بایۆلۆژی پەرە پێ دەدات؟

بە هۆی ئەوەی ڤایرۆسەکان لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ئەمریکا کراوەتە، یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی جەنگی بایۆلۆژی، بۆیە ئامانجەکانی ئەو جەنگە سەرجەم بوارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. ڕەهەندی ئابووری بە ڕوونی لە تیۆری جەنگی بایۆلۆژی پێوەندیدار بە کۆرۆنا دەردەکەوێت. ئاشکرا بوە،

کـە ئەمریـکا هەوڵەکانـی خسـتوەتە گـەڕ بـۆ پەکخسـتنی هـەوڵ و تەقەلاکانـی چەنـد کۆمپانیایەکـی پزیشـکی ئەڵمانـی بـۆ بەرهەمهێنانـی ڤاکسـینی دژەڤایرۆسـی کۆرۆنـا. دۆنالّـد تەرەمـپ فشـارەکانی خسـتوەتە سـەر کۆمپانیـای (کیورڤـاك)ی ئەڵمانـی، بـە مەبەسـتی لەباربردنـی لێکۆڵینـەوە زانسـتییەکانی و هەوڵەکانـی بـۆ دروسـتکردنی ڤاکسـینی دژی کۆرۆنـا. لـە لایەکـی تـرەوە ڕاپۆرتـەکان ئاشـکرایان کـردوە، کـە فشـارەکانی ئەمریـکا لـە سـەر کۆمپانیـا ئەڵمانییەکـە و کۆمپانیاکانـی تـر، تەنهـا بـۆ قۆرخکردنـی ڤاکسـینەکە نییـە، بەڵکـوو بـۆ ئەوەیشـە کـە ئـەو کۆمپانیایانـە نەگەنـە دۆزینـەوەی هیـچ ڤاکسـینێکی چارەسـەر. پێشـبینی دەکرێـت واشـنتۆن چارەنووسـی سـەدان ملیـۆن کـەس لـە جیهانـدا کۆنتـرۆڵ بـکات، و ئـەو دەوڵـەت و حکوومەتانـە ناچـار بـکات، کـە ئەوپـەڕی پێویسـتیان بـەم ڤاکسـینە هەیـە.

کۆرۆنـا و تیـرۆری بایۆلۆژیـی

کەواتـا ئەمـە جەنگێکـی بایۆلۆژییـە بـە ڕەهەنـدی ئابـووری و سیاسـی، لـە چوارچێـوەی تیـۆری (تیـرۆری بایۆلۆژیـی)دا، کـە فرانسـیس بوێـل ڕوونـی دەکاتـەوە، کـە چەکەکانـی لـە تاقیگەکانی ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا لـە ژێـر سەرپەرشـتیی سـەرکردایەتی پزیشـکی سـوپای ئەمریـکا و بەڕێوەبەرایەتـی دەرمـان و خۆراکـی ئەمریکـی و سـەنتەری کۆنتڕۆڵـی نەخۆشـییەکان و خۆپاراسـتن (CDC) دروسـت دەکرێـت، کـە هەمووپـان لـە چوارچێـوەی دەزگایەکـدا کار دەکـەن، کـە ڕێـڕەوی سیاسـەتی ئەمریـکا بەڕێـوە دەبـات، لـە ڕێگـەی کۆمپانیاکانـی پیشەسـازی چـەك «گـەر چەکـی سـەربازی بێـت یـان بایۆلـۆژی»، لەگـەڵ کۆمپانیاکانـی دروسـتکردنی دەرمـان، کـە لـە پـاش هەمـوو جەنگێـك « گـەر چەکـی سـەربازی بێـت یـان بایۆلـۆژی» بـە ملیارەهـا دۆلاریـان دەسـت دەکەوێـت.

بـە شـێوەیەکی هەرگیـز پێشـبینینەکراو، ڤایرۆسـی کۆرۆنـا نـاسراو بـە (کۆڤیـد- 19) جیهانـی خسـتە نـاو قەیرانێکـی جیهانـی و گێژاوێکـی مەترسـیدار و بێوێنـە، لـە چوارچێـوەی پێوەندییـە نێودەوڵەتییەکان، لـە ڕووی سیاسـی و ئابـووری و جیۆسیاسـییەوە. ئـەم پەتـا جیهانییـە بـە هەژموونـە بـە جۆرێکـی زۆر خێـرا کاری کـردە سـەر پـلان و سـتراتیژە تەندروسـتی و سیاسـییەکانی دەوڵەتانـی جیهـان و هـاڕەی بـە نرخـی نـەوت کـرد لـە بازاڕەکانـی جیهانـدا، و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی خسـتە دڵەڕاوکێـوە لـە چاوەڕوانـی دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی کاریگـەر بـۆ ڕاگرتنـی تەشـەنەکردنی کۆرۆنـا، کـە بـە خێرایـی دیـواری متمانـەی خەڵکـی بـە داهاتوویەکـی گـەش و لۆژیکـی ئاسـوودەیی مرۆڤایەتـی تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو لاواز کـرد.

کۆرۆنـا... ئـەو میوانـە ناوەختـەی هەمـوو جیهانـی کەرەنتیـن کـرد

کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، کـە هـەر زوو بـە دەسـت ئـەو دۆزمنـە چاوەڕواننەکـراوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا شـەکەت و گیـرۆدە بـوو، بـە هـۆی تووشـبوونی دەیـان هـەزار کـەس بـە ڤایرۆسـەکە و گیانلەدەسـتدانی سـەدانی تریـش. دەسـەڵاتدارانی ئێـران سـەرباری بەردەوامبوونـی ئابلۆقـەی ئەمریـکا و کۆمەڵـی نێودەوڵەتـی، سـەرەڕای ئەوەیـش هاتنـی میوانێکـی ناوەختـی بکـوژ، بـە بـێ ئـەوەی لـە دەرگاوە بێـت، ناچـار بـوون ڕێکارەکانـی هەناردەکردنی شۆڕشـی ئێـران بـۆ دەرەوە، بـە بـێ ئـەوەی بـە تەواوەتـی لـە گۆڕەپانـی بەرەنگاربوونـەوە دوور بکەونـەوە. چیـن، کـە چەقـی سـەرەکی سـەرهەڵدان و بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنایـە زوو کەوتـە خـۆی.

شـڵەژانی هاوبـەش و گـەڕان بـە دوای چارەسـەری هاوبەشـدا

لـە ڕاسـتیدا، ئێسـتا کاتـی موزایـەدات و زەقکردنـەوەی هەسـتی ناسیۆنالیسـتی و کێبڕکێـکاری پێشـکەوتن و بـە سـەر یەکـدا سـەرکەوتن نییـە، گـەر لـە لایـەن هـەر هێـز و دەوڵەتێکـەوە بێـت. بـە دڵنیاییـەوە ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی دەوڵەتێکـی پێشـەنگە لـە بـواری پزیشـکی و زانسـت و گەشەسـەندنی تەکنۆلۆژیـا، بەڵکـوو تاکـە دەوڵەتـی زلهێـزی (سـۆپەر پـاوەر)ی جیهانـە، بـەڵام ئێسـتا ڕیزبەنـدی یەکەمـی لـە سـەر ئاسـتی جیهـان گرتـوە، لـە ڕووی زۆری ژمـارەی تووشـبوان بـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا.

لـە ئیتاڵیایـش، کـە گیـرۆدەی کۆرۆنـا بـوە دەگوترێـت یەکێـك لـە هۆکارەکانـی تەشـەنەکردنی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بریتییـە لـە: خۆپەرسـتی و گەمژەیـی هەندێـك پیشەسـازیکارانی فاشـن، کـە فێڵیـان لـە حکوومـەت کـرد بـە هـۆی هێنانـی دەسـتی کار لـە چینـەوە بـە بـێ وەرگرتنـی ڤیـزای گەشـتیاری، بەڵکـوو

بـە شـێوەیەکی نایاسـایی بەگەڕیـان خسـتن، بـۆ پەرەپێدانـی پیشەسـازییەکەیان و دروسـتکردنی فاشـن و کەلوپەلـی چینـی، بـەڵام لـە سـەریان نـووسرا «لـە ئیتاڵیـا دروسـت کـراوە». لەبـەر ئـەوەی ئـەم جـۆرە کارە لـە بـازاڕی ڕەش ئەنجـام دراوە، ئـەو تاوانبارانـە حکوومەتیـان ئـاگادار نەکـردەوە لـە توشـبوونی یەکـەم گرووپـی کرێـکارە چینییەکانیـان بـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا (گۆڤیـد19-)، لـە ئەنجامـدا حکوومەتـی ئیتاڵیـا لە ئاسـت قەبارەی کارەسـاتەکەدا دەرەنـگ بـە ئـاگا هـات، بـەم جـۆرە لـە ئەنجامـدا ئیتاڵیـا گـۆڕا بـۆ یەکێـک لـە دەوڵەتـە هەناردەکارەکانـی ڤایرۆسـەکە، نـەک بـە تەنهـا بـۆ دەوڵەتانـی ئەورووپـا، بەڵکـوو بـۆ ڕوسـیا و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئاسـیایش. بـە هـۆی کرانـەوەی سـنوورەکان لـە نێـوان دەوڵەتانـدا، ئەورووپـا ناتوانێـت وەک پێویسـت ڕێگـری لـە بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی (کۆڤیـد- 19) بـکات. بەرزبوونـەوەی ژمـارەی توشـبوان بـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا لـە سـەر ئاسـتی هەندێـک دەوڵەتانـی ئەورووپـا وەک: ئیتاڵیـا، ئەڵمانیـا، ئیسـپانیا، فەرەنسـا و سـویسرا زۆر مەترسـیدارە و خەریکـە لـە کۆنـترۆڵ دەردەچێـت. داخسـتنی سـنوورەکانی نێـوان دەوڵەتانـی ئەورووپـا لـە ڕووی پراکتیکـی و هاریکاریـی کیشـوەرییەوە، لۆژیکـی یەکێتـی ئەورووپا (یـۆرۆ) لـە بـار دەبـات.

قورسایی جیۆپۆلیتیکی و بازنەی مەترسییە گەورەکە

بـە پێـی شـارەزایانی سیاسـی و بـواری جیۆپۆلیتیـک، ئەورووپـا و ئەمریـکای باکـوور «ویلایەتـە یەکگرتـووەکان و کەنـەدا» پێکـەوە لـە نـاو بازنـەی مەترسـییە گەورەکـەدان ئەگـەر بـە زووییـ ڤاکسـینێک بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم پەتایـە نەدۆزرێتـەوە، لـە کاتێکـدا چیـن کـە سـەرچاوەی دەرکەوتنـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بـوو لـە کۆتایـی سـاڵی (2019)دا، ڕای گەیانـدوە کـە ڕێگـە دەدات بـە گەڕانـەوەی (280) ملیـۆن کـەس بـۆ سـەر کارەکانیـان دوای ئـەوەی بـۆ مـاوەی دوو مانـگ لـە ماڵەکانیـان لـە دۆخـی خۆکەرەنتینکردنـدا بـوون، کـە تاقیکردنەوەیەکـی قـورس بـوو کۆمـاری گەلـی چیـن پیایـدا تـێ پەڕی. ئـەوەی ئێسـتا سـەرکردەکان و بەرپرسـان بـە تـرس و دڵەڕاوکێـوە چاودێـری دەکـەن ئەوەیـە، کـە ئایـا گەڕانـەوەی ئـەو ژمـارە زۆرە بـۆ سـەر کارەکانیـان و بـازاڕ بـە گشـتی دەبێتـە هـۆی شـەپۆلێکی نوێـی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا یـان نـا؟، ئەمـە تاقیکردنەوەیەکـە بـۆ سیاسـییەکانی چیـن و ژیانـی کۆمەڵگەکانـی جیهانـی پێـوە بەنـدە.

شەمشەمەکوێرە تاوانبارە، یان نیازە سیاسییەکانی پێ دادەپۆشرێ

وەزارەتی بەرگریی ڕوسیا لە لێدوانێکی مەترسیداردا دەڵێت: «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناو دەوڵەتانی دراوسێی ڕوسیا تاقیگەی بایۆلۆژیی هەیە»

لـە ناوچـەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، دەکرێـت عێـراق بـە نموونـە بهێنینـەوە لـە سـایەی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـای نـوێ، لـە کاتێکـدا سـنووورەکانی عێـراق لەگـەڵ ئێـران هێنـدە تونـدوتـۆڵ نیـن، ئەمەیـش وای کـردوە ئێـران ببێتـە سـەرچاوەی سـەرەکی گواسـتنەوەی کۆرۆنـا بـۆ عێـراق. لـە سـایەی ململانـێ نێودەوڵەتییـەکان و سـەرهەڵدانی قەیرانەکانـدا، پێشـبینی یـان گریمانـەی دروسـتکردنی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا و گەڕانـەوەی جەنگـی سـارد لـە نێـوان دەوڵەتـە زلهێزەکانـدا یەکێکـە لـەو ئەگـەرە بەهێزانـەی، سیسـتمی لیبرالیزمـی کـە کاریگـەری ڕاستەوخۆی لـە سـەر سیاسـەت و ئابـووری و بۆرسـە و نرخـی نـەوت هەیـە، لـە لایەکـی تریشـەوە کار دەکاتـە سـەر ژیانـی دانیشـتوان لـە سـەر گـۆی زەوی.

کاتـی نمایشـکردنیدا بینەرێکـی زۆری نەبـوو، وەك ئـەو ناوبانـگ و ژمـارە زۆرەی بینـەران، کـە لـە ئێسـتادا پەیـدای کـردوە.

هەندێـك لـە تۆێـژەران لـەو بڕوایـەدان چیرۆکـی ڕۆمانـەکان و سـیناریۆی چەنـد فیلمێـك هـەروا بـێ هـۆ نییـە، بەڵکـوو پێیـان وایـە خاڵـی هاوبـەش هەیـە لـە نێـوان ئـەو چیرۆکانـە و بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی (کۆڤیـد- 19) لـە سەرتاسـەری جیهانـدا، بەڵکـوو دەیگەڕێننـەوە بـۆ هەبوونـی پیلانگێـڕی (موئامـەرە)، بـە تایبەتـی ئـەوەی سـەرەتا لـە شـاری (ووهـان)ی چیـن ڕوویـدا، دەچێتـەوە سـەر هەمـان ڕێچکـەی دەسـتپێکردنی جەنگـی بایۆلـۆژی، کـە چەندیـن جـار لـە کاتـی دروسـتبوونی قەیـران لـە نێـوان دەوڵەتـە زلهێزەکانـدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە. سـەیر لەوەدایـە لـە ڕۆمانـی «چاوەکانـی تاریکـی»دا، کـە چەندیـن سـاڵە

فیلمی «کۆنتیگیۆن» و پێشبینی قەیرانی کۆرۆنا

چیـن و ڕوسـیا و ئێران بە ئاشـکرا باسـی هەبوونـی موئامەرە یـان پیلانگێـڕی لـە دژیـان دەکـەن، کـە پێیـان وایـە ئەمریـکا بەڕێـوەی دەبـات. یەکێـك لـە لێدوانـە مەترسـیدارەکان ئەوە بـوو، کـە لـە لایـەن وەزارەتـی بەرگـری ڕوسـیاوە دەرچـوو، کـە دەڵێـت: ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا لـە نـاو دەوڵەتانـی دراوسـێی ڕوسـیا تاقیگـەی بایۆلۆژیـی هەیـە، چینیـش بەڵگـەی لـەم بارەیـەوە خسـتە ڕوو، جۆرجیـای وەك نموونـە هێنایـەوە. ئێسـتا تیـۆری موئامـەرە و ئەگەرەکانـی پیلانگێـڕی لـە تایبەتمەنـدی دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـان و هەڵسـەنگاندن و پێشـبینییەکانی ئەوانـدا نییـە، بەڵکـوو درێـژ بوەتـەوە بـۆ نـاو گۆڕەپانەکانـی فـەزای شـین (تویتـەر)، کـە تێیـدا تویتـی زۆر دەربـارەی هەندێـك فیلـم و چیرۆکـی ئەمریکـی پێوەسـت بـە بڵاوکردنـەوەی درم و پەتـای دروسـتکراو لـە ڕێگـەی تاقیگـەوە بـڵاو کراوەتـەوە، ئەوەیـش وەك ئاماژەپێکـردن بـە هەبوونـی پلانـی موئامـەرە، کـە بەناوبانگترینیـان فیلمـی «کۆنتیگیـۆن»ە، کـە لـە سـاڵی 2011دا پێشـبینی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـەکەی کـردوە، هـەر وەك گرینگیپێـدان بـەو فیلمـە ڕەنگدانـەوەی بـڕوا هێنانـی ژمارەیەکـی زۆری خەڵکـی جیهـان بـە تیـۆری پیلانگێـڕی (موئامـەرە) دەردەخـات. داتـا و ئامارەکانیـش ئاماژەیـان بـۆ ئـەوە کـردوە، کـە فیلمـی «کۆنتیگیۆن»لـە

بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا وجودی سەربازیی لە جیهاندا تۆختر کردەوە

نـووسراوە، نـاوی ئـەم ڤایرۆسـە بکـوژە مەترسـیدارە بـە (ووهـان 400) هاتـوە، کـە لـە نـاو تاقیگـەدا وەکـوو چەکێکـی بایۆلـۆژی دروسـت دەکرێـت، ڕێکەوتـە سـەیرەکەیش ئەوەیـە شـاری ووهـان سـەرچاوەی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا و هەناردەکردنییەتـی بـۆ هەمـوو جیهـان. هـەر لـە سـەروبەندی بڵاوبوونـەوەی کۆرۆنا، ڤیدیۆیەکـی تۆمارکـراو بـە دەنگـی سـەدام حسـێن، دیکتاتـۆری پێشـووی عێـراق لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بـڵاو کراوەتـەوە تێیـدا دەڵێـت: ئەمریـکا بـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا هەڕەشـەی لـێ کـردوە، کـە ئەوەیـش ئامانجێیـە بـۆ بەکارهێنانـی ڤایـرۆس و میکرۆبـەکان وەک چەکێکـی بایۆلـۆژی بـۆ هەڕەشـەکردن لـە ڕژێمـی پێشـووی عێـراق، کـە لـە سـەردەمێکدا دژایەتـی پێگـە و دەسـەڵاتی ئەمریـکای دەکـرد لـە ناوچـەی کەنـداو و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، زۆر جاریـش خـودی سـەدام حسـێن باسـی هەبوونـی تیـۆری موئامـەرە و جەنگـی بایۆلـۆژی و کیمیـاوی کـردوە.

موسوڵمانەکان تووشی کۆرۆنا نابن، بەڵام توشبوون!

کۆمەڵـە و گروپـە ئیسـلامییەکانیش لـە سـەرەتای بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـەکە لـە چیـن، ئـەوە دەدە بـە گوێـی خەڵکـدا، ئـەم ڤایرۆسـە تووشـی موسـوڵمانەکان نابێـت، بەڵکـوو ئـەوە تۆڵەیەکـی خودایـە لـە چینـی داکاتـەوە بـۆ هـۆی خراپەکارییـەوە، بـە تایبەتـی سـتەمکاری و تونـدوتیژییەکانیـان لـە بەرانبـەر کەمینـەی (ئیگـۆری) لـە هەرێمـی تورکسـتانی چیـن، بـەڵام ئـەوەی مایـەی پێکەنینـە زۆربـەی دەوڵەتـە عەرەبـی و ئیسـلامییەکانیش لـە دوای بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـەکە بـەو خێراییـە بـە هەمـوو جیهانـدا سـنووورەکانیان داخسـت، و دەسـتیان کـرد بـە ڕێکارەکانـی خۆپارێـزی تەندروسـتی؛ بـۆ نمونـە شانشـینی سـعوودیە ڕێوڕەسـمەکانی عومـرە و نوێـژی هەینـی و جەماعەتـی قەدەغـە کـرد، لـە کاتێکـدا دەوڵەتـە ئیسـلامییەکان ئـەوە بـە موئامـەرە و پیلانگێـڕی لـە دژی ئیسـلام و موسـوڵمانان دەدەنـە قەڵـەم.

لـە دوای بڵاوبوونـەوەی پڕۆتۆکۆڵەکانـی زانـا ئیسرائیلییەکان، ئێسـتا زۆرێـک چینـی دەسـتەبژێر و خەڵکـی ڕەشـۆکیش لـەو بڕوایـەدان حکوومەتێکـی پشـت پـەردە هەمـوو جیهـان بەڕێـوە دەبـات، و بـەڕەو ئـەو ئامانجانـە ئاڕاسـتەی دەکات، کـە هەموویـان خزمـەت بـە بەرژەوەندییەکانـی زایۆنیـزم و ماسـۆنییەت دەکـەن.

کۆرۆنا پیتێنراوێکی ڕەگەزیی نییە

ئـەو ڕاسـتیەی هەمـوو ئـەم تیـۆر و گریمانـە و پێشـبینییانەی خەڵکـی ئـاوەژوو دەکاتـەوە ئەوەیـە، کـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بـە خۆرهـەڵات و خۆرئـاوای جیهانـدا بـڵاو بوەتـەوە، و هیـچ نەتـەوە و ڕەگـەز و دەوڵەتێکـی ئاوارتـە نەکـردوە، بەڵکـوو بـە تەنهـا تووشـی «ئیتنـی زەرد» نابێـت وەک لـە پێشـدا بـڵاو بـوەوە، جیـاوازی لـە نێـوان سپیپێسـت و ڕەشپێسـت نـاکات، بەڵکـوو ڕوو لـە هەمـوو شـوێنێک دەکات. ڤایرۆسـی کۆرۆنـا «کۆڤیـد 19» پیتێنراوێکـی ڕەگەزیـی نییـە، بەڵکـوو لـە کـوێ ژینگەیەکـی گونجـاو بـۆ گەشـەکردن و زۆربوونـی بدۆزێتـەوە ڕووی تـێ دەکات. ئـەو بـە خێراییەکـی هێنـدە بێهاوتـا بـڵاو بـوەوە، کـە سـنووری هەمـوو پێشـبینییەکانی تـێ پەڕانـد.

لـەم جیهانـەدا هیـچ نییـە لـە سیاسـەت و لێکدانـەوەی سیاسـی دوور بێـت، هەمـوو شـتێك هۆکارێـك یـان چەنـد هۆکارێکـی لـە پشـتەوەیە. سروشـتی عەقڵـی مـرۆڤ لـە گومـان بـەدەر نییـە، یـان گوماناوییـە، ڕووبـەڕووی بێهیوایـی و کـەم وڕەیـی دەبێتـەوە، ئێسـتایش لـە سـەردەمی بڵاوبوونـەوەی کۆرۆنـادا مـرۆڤ ئـەو تـرس و دڵەڕاوکێیـەی ناشـارێتەوە، چونکـە هەڕەشـەکە جدییـە و کۆرۆنـا دوژمنـی هەموانـە، بـە بـێ جیـاوازی. مرۆڤایەتیـش بـە گشـتی لـە نـاو یـەك کەشـتی گەورەدایـە بـە هەمـوو ڕەگـەز و ئیـتن و نەتـەوە و ئاییـن و بیـروڕا جیاوازەکانییـەوە، بـە هـەژار و دەوڵەمەندیـەوە، بـە بەڕیـرس و نابەڕپرسـییەوە. کەواتـە ئایـا هاتنـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا جۆرێکـە لـە جەنگـی بـایۆلۆژی نێودەوڵەتـی، یـان سـزایەکی خودایـە و بـۆ مرۆڤایەتـی دابەزیـوە وەك دەڵێـن، یاخـود هاوشـێوەی نەخۆشـی تاعـوون سـەری هەڵـداوە، بـۆ ئـەوەی جارێکـی تریـش ژمـارەی دانیشـتوانی گـۆی زەوی بـە ڕێژەیەکـی بەرچـاو کـەم بێتـەوە؟

سەرچاوەکان:

سـایتی (الغـد)ی ئوردنـی، پێگـەی (شروق نیـوز)، پێگـەی (المیادیـن)، سـایتی (سـکای نیـوز عربیـە)

https://www.alghad.tv

https://www.shorouknews.com

https://www.almayadin.com

جەنگەکانی (نەوەی شەشەم- زیرەك)

کۆرۆنا لە نێوان تەوزیفی سیاسی و چەکی بایۆلۆژی و مافیاکانی بازرگانیی دەرماندا

کـە ڤایرۆسـی «کۆڤیـد 19» بـە هەمـوو جیهانـدا بـڵاو بـوەوە وەك مەترسـییەکی جـدی گـەورە لـە سـەر مرۆڤایەتـی خـۆی بەرجەستە کـرد، ئیتر شـێوازەکان و ئاستی لێدوانـەکان و درکانـی زانیاریـیـەکان لـە لایـەن دەسـەڵاتە سیاسـی و پزیشـکییەکانەوە، زیاتـر قەبـارەی مەترسـییەکانی پەتـای ڤایرۆسـی کۆرۆنایـان پیشـاندا. هەندێـك لـەو لێـدوان و زانیارییانـە بـە ڕوونـی باسـی جەنگـی بایۆلـۆژی و گەورەتربوونـی ململانێکانـی نێـوان دەوڵەتـە زلهێـزەکان و بێدەسـەڵاتی ئـەو دەوڵەتانـە دەکـەن، کـە شـەپۆلی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بـە تونـدی ڕوویـان تـێ دەکات، بگـرە دەگوترێـت ملیۆنـان کەسـی توشـبوو بـە ڤایرۆسـەکە گیانیـان لـە دەسـت دەدەن، بـەم شـێوەیە:

- شـارەزایان ڕاسـتی هەبوونـی جەنگـی بایۆلـۆژی و گیانلەدەسـتدانی ملیۆنـان کەسـیان ڕاگەیانـدوە.
- دەوڵەتـە زلهێـزەکان خاوەنـی چەکـی بایۆلـۆژی تاقیگەییـن، ئەمەیـش ڕاسـتییەکە پسـپۆڕانی بوارەکـە بـاش دەیزانـن.
- چیـن ئـەو دەنگۆیانـە ڕەت دەکاتـەوە، کـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا لـە تاقیگـە و کارگەکانییـەوە دزەی کردبێـت، بەڵکـوو ئامـاژە بـۆ هەبوونـی تیـۆری موئامـەرە لـە دژی دەکات.
- بیـل گەیتـس، پێشـبینی خێـرا بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـێکی پێشـکەوتووی کـردوە و دەڵێـت: (33) ملیـۆن کـەس لـە سەرتاسـەری جیهانـدا دەکوژێـت.
- پزیشـکێکی پسـپۆڕی خۆپارێـزی: چەکـی بایۆلـۆژی، مەترسـیدارترین ئامڕازەکانـی وێرانکاریـی نوێیـە.
- بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـەکە لـە نـاو دەوڵەتـە تـازە گەشەسـەندوەکان هەڕەشـە و مەترسـییەکی گەورەیـە، لـە سـەر گەلانی ئـەو وڵاتانـە، ئەوەیـش بـە هـۆی لاوازی توانـا پزیشـکی و خۆپارێزییەکانییانـەوە.
- چەندیـن گۆڕانکاریـی جیناتـی و ئۆرگانیکـی و پێبـازی بۆماوەیی، ئـەم ڤایرۆسـە وای کـردوە کۆرۆنـا زیاتـر پەلامـاردەر و درندانەتـر بێت .

جەنگی ئابووری – بایۆلۆژی، نەك جەنگی گەرم لەگەڵ چین

چیـن، دەمێـك سـاڵە ململانـێ و جەنگـی سیاسـی و ئابـووری لەگـەڵ ئەمریـکا و هاوپەیمانـە خۆرئاواییەکانیـدا دەکات، و هەمـوو دەرگاکانـی جەنگـی گەرمـی لـێ گرتبـوون، هـەر بۆیـە نەیانتوانیـوە بـە دەسـتپێکردنی جەنگـی گـەرم ڕووبـەڕووی چیـن ببنـەوە، بەڵکـوو بـە درێژەپێدانـی ململانێـش هـەر نەیاندەتوانـی ڕێگـە بـەم گەشەسـەندن و بەهێزبوونـەی چیـن بگـرن، بۆیـە باشـترین ڕێگەیـەك کـە لەگەڵیـدا بیگرنـە بـەر، جەنگـی بایۆلۆژییـە. لـەم ڕوانگەیـەوە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بـە پێـی لێکۆڵینـەوە بایۆلۆژییـەکان خـۆی دەگۆڕێـت، بـە جۆرێـك بڵێـن: ڤایرۆسـێکە لـە ئاژەڵـەوە دەگوازرێتـەوە و لـە شـێوەی پەتـای ڤایرۆسـی کۆرۆنـا دەردەکەوێـت و ئـەم پلانـە بـە ووردی لێکۆڵینـەوەی لـە سـەر کـراوە، و کۆمەڵێـك شـێواز و سـیناریۆی گـەورەی بـۆ داڕێـژراوە، تـا وەك پەتایەکـی ئاسـایی و تەندروسـتی وەربگیرێـت و دوور بخرێتـەوە لـەو پلانـە سـەرەکییەی، کـە لـە نـاو مەتبەخـی سیاسـی دەوڵەتـە زلهێزەکانـدا بـۆی داڕێـژراوە. لـە ڕاسـتیدا بـە پێـی پێشـبینییەکان ئـەم جەنگـە بایۆلۆژییـە چینی وەك سـەنتەر و ئێـران وەك دڵـی ڕێگـەی ئاورشـمی و ئیتاڵیـای وەك دواییـن وڵات داناوە، کـە لەگـەڵ چیـن ڕێـك دەکەوێـت بـۆ پەرەپێـدان بـە ڕێگـەی ئاوریشـمی، دوا جـار ووهـان گرینگتریـن شـاری کارگـە و تەکنەلۆژیاییەکـەی چینـە، کـە دەکرێـت بـە شـادەماری دڵـی ئابووریـی چیـن نـاو ببرێـت. لـە دوای چیـن، ئێـران بـە پلـەی دووەم دێـت لـە دژایەتیکردنـی ئەمریـکا و لـەو حـەوت ڕێگەیـەی ڕێگـەی ئاورشـمی سـێ ڕێگـەی سـەرەکی بـە ئێرانـدا تـێ دەپەڕێـت. شـاری قـوم لـە ئێـران سـەنتەری هەمـوو دەسـتەڵاتە باڵاکانـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـە، ئەوەیشـی لـە سـەر پاکسـتان ماوەتـەوە ئەوەیـە، کـە ئـەم وڵاتـە تـا ئێسـتایش بـە تەواوەتـی نەچوەتـە ژێـر بـاری هاوپەیمانییەتـی چینـەوە. جەنگـی بایۆلـۆژی بـە ڕادەیـەك چینـی وەسـتاند، کـە هیـچ جۆرێـك جەنگـی تـر نەیدەتوانـی بیوەسـتێنێت و ئـەو کاریگەرییـەی لـە سـەری هەبێـت، کـە زیانەکانـی بـە سـێ تریلیـۆن دۆلار مەزەنـدە دەکرێـت.

خۆپەرستیی سیاسی و بەهیلاکبردنی جیهان

زۆرتریـن شـتێك کـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا ئاشـکرای کـردوە ئـەو «خۆپەرسـتییە سیاسـییە»یە، کـە جیهانـی گرتوەتـەوە، نـەك تەنهـا لـە سـەر ئاسـتی پێوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان، بەڵکـوو لـە نـاو سـنووری یـەك دەوڵەتیشـدا بـە دی دەکرێـت. ئـەو دڕدۆنگـی

و ململانێیانەی لە نێوان هەر دوو حیزبی دیموکراتی و کۆماری لە ئەمریکا لە سەر پلانەکانی هاندانی ئابووری بە دی دەکرێت، باشترین نموونەیە لە سەر بابەتی «تەوزیفی سیاسی» پەتای کۆرۆنا لە جیهاندا، لەبەر ئەوەیە ئێستا هەموان خاڵەکانیان کۆ دەکەنەوە، و خۆیان بۆ قۆناغی پاش کۆرۆنا ئامادە دەکەن، ئەمە سەرەڕای نەبوونی بڕوایەکی تەندروستی یان پزیشکی تەواو بەو ماوەیەی، کە جیهان پێویستییەتی بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم ڤایرۆسە مەترسیدارەدا. کەواتە ئایا بە سیاسیکردنی پەتاکە تا چ ئاستێك هەڕەشەیە بۆ لاوازکردنی «بەرگریی سیاسیی» سیستمی جیهانی؟ ئایا قسەکردن لە سەر گۆڕینی ترۆپکی سەرکردایەتی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندیی ڕاگرتنی سەقامگیری نێودەوڵەتییایە؟، ئایا تاکوو چ ئەندازەیەك ڕێکخستنەوەی هێزە جیهانییەکان لە دوای قۆناغی کۆرۆنا جیاواز دەبێت لە قۆناغی پێش کۆرۆنا؛ واتا «خۆپەرستیی سیاسی»؟.

کۆرۆنا و تیرۆر و بایۆتیرۆریزم

هەندێك لە دەوڵەتە زلهێزەکان پەرە بە تاقیکردنەوە بایۆلۆژییەکان و دروستکردنی چەکی بایۆلۆژی دەدەن، و لەوەیشدا ئامانجی ستراتیژییان هەیە و دەیانەوێت بۆ لاوازکردن و زاڵبوون بە سەر دوژمنەکانیاندا بە کاری بهێنن. هەندێك جار چەکە بایۆلۆژییەکان لە چوارچێوەی شەڕی بە لەجیاتی لە ڕێگەی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانەوە دەکەوێتە دەستی هێز و گروپە تیرۆریستی و تونڕەوەکانەوە، بۆ هێنانەدی مەرام و بەرژەوەندییەکانیان. سەبارەت بەوەی، کە ئایا ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دوای بڵاوبوونەوەی بەو خێراییە ئامرازێکی جەنگی بایۆلۆژییە، ئایا گروپە تونڕەوەکان هیچ پێوەندییەکانیان بە بڵاوکردنەوەی هەیە، یان کەوتوەتە دەستیان و لە بەرانبەر هەندێك دەوڵەت و لایەن بە کاریان دەهێنن؟

هێشتا زوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی هەواڵگری یان لێدوان و ڕاپۆرتێکی ڕەسمی دەوڵەتان یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نییە، کە بیسەلمێنێت ڤایرۆسی کۆرۆنا «کۆڤید 19» کەوتبێتە دەست هێز و گروپە تونڕەوەکان تاکوو بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئەو دەوڵەتە گەورانە، یان لە دژی هەندێك دەوڵەت یان هێز و تاقمی تر بە کاری بهێنن، بە مەبەستی دروستکردنی شڵەژان و ناسەقامگیری، یاخود لە پێناو ڕووخانی سیستمەکانی دەسەڵاتی سیاسی.

هەر چی دەستەواژەی (بایۆتیرۆریزم)ە، بریتییە لە: ئەنجامدانی پەلامارداڕن و هێرشی بایۆلۆژی، لە ڕێگەی ناردنی ڤایرۆسی ئامادەکراو بە شێوەی تاقیگەیی، یان پەتای کوشندە، یان بڵاوکردنەوەی ژەهر و بەکتریاکان، بە مەبەستی نەخۆشکردن و کوشتنی خەڵکی وڵاتێك یان پێکهاتەیەکی ئیتنی یان مەزهەبی و هتد... لە لایەن دەوڵەتێک یان لە لایەن تیرۆریستان و دوژمنان و نەیارانی هەر دەوڵەتێکەوە، بەرانبەر دەوڵەتیکی تر. هێرشی بایۆتیرۆریزمی (ڤایرۆسی)، بە بەراورد لەگەڵ هێرشی تیرۆرستیی چەکداری، مینڕێژی و تەقاندنەوەی بۆمب، بە یەکێک لە ترسناکترین هەڕەشەکان دادەنرێت لە سەر ژیانی هاوڵاتییان و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی تەندروستییان. هێرشە بایۆتیرۆریزمییەکان ڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی ناردنی ڤایرۆسەکان، یان لە ڕێگەی مرۆڤەوە دەبێت، مرۆڤیش دەبێتە هەڵگریان و گوێزەرەوەیان، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئاوی خواردنەوە، هەوا، خواردەمەنی، کەلوپەل و دەرمانەوە بڵاو دەکرێتەوە.

ڤایرۆسی چینی یان ڤایرۆسی وهان؟

هێشتا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و چین یەکتری تۆمەتبار دەکەن، بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا «کۆڤید 19». هێشتا سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترامپ سوورە لە سەر ناوهێنانی کۆرۆنا بە «ڤایرۆسی چینی»، بەڵام مایك پۆمپیۆ وەزیری دەرەوە بە «ڤایرۆسی ووهان» ناوی دەبات. حکوومەتی واشنتۆن بە ڕەسمی حکوومەتی بەیجین تۆمەتبار دەکات، کە بەرپرسیارە لە بەرانبەر بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسەکە بە هەموو جیهاندا، ئەوەیش بە هۆی پیادە نەکردنی شەفافییەت و ڕاستگۆیی و ئاشکرا نەکردنی هەموو ئەو زانیارییانەی، پێوەندارە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا. زاناکان دەڵێن: ڕێی تێ ناچێت کە جینەکانی ئەو ڤایرۆسە لە دروستکراوی مرۆڤ بێت، نەک هەر ئەوە بەڵکوو ئەستەمە هیچ وڵاتێک بتوانێت ڤایرۆسێکی بەو جۆرە جیناتە دروست بکات،

بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت، کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە نەقۆسترێتەوە بۆ مەرام و ئامانجی سیاسی، بە تایبەتیش لای زلهێزەکانی وەک ئەمریکا، ڕوسیا و چین، بۆ تۆمەتبارکردنی یەکتری. چین لەگەڵ ڕوسیا ڕایان گەیاندوە، کە «جیهانی تاك جەمسەری» کە لە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان هاتوەتە ئاراوە، لە ئێستادا کۆتایی پێ هاتوە گەرانەوەی بۆ نییە، ویلایەتە یەکگرتوەکانیش، کە بە خێرایی ڤایرۆسی (کۆڤید- 19)ی تێدا بڵاو دەبێتەوە بێوێنەیە و لە پێشدا ڕووی نەداوە، بە تایبەتی لە ویلایەتەکانی نیویۆرك و کالیفۆرنیا و ئەریزۆنا، بۆیە ئەمریکا لە قۆناغی پارا کۆرۆنا ناتوانێت سەرکردایەتی جیهان بکات.

بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرینی چەك لە ئەمریکا زیادی کردوە

دوای بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (Covid-19) ئاستی کرینی چەك لە ئەمریکا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. وایان ڤیدیۆیەکی کۆگایەکی فرۆشتنی چەك لە ویلایەتی نیوجێرسی، کە یەکێکە لەو ویلایەتانەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە چڕی تێیدا بڵاو بوەتەوە، ئاماژەی بەوە کرد، کە ماوەیەکە لە بەردەم کۆگاکەیاندا ڕیز دەبەستێت بۆ کرینی چەك. وایان ڤیدیۆکە باسی لەوە کرد، ئەو دۆخە ئاسایی نییە و گوتیشی: «وابزانم خەڵك نیگەرانی ئەوەن لەم نێوەندەدا خزمەتگوزارییە دیارەکان نەمێنن، دەشترسن لەوەی، چۆن مااڵ و خێزانەکانیان بپارێزن، لەبەر ئەوە ڕوو دەکەنە چەککڕین. ئەو چەکانەی کە پڕفرۆشترینن ئەوانەن بۆ پارێزگاریکردن لە مااڵ و خێزانەکان بەکاردەهێنرێن».

بە پێی بەیاننامەیەك، کە لە ماڵپەڕی(Consumer Affairs) دا بڵاو کراوەتەوە، ئاستی فرۆشتنی چەك لە ڕێگەی ماڵپەڕی (Ammo.com)هوە بە ڕێژەی (68%) زیادی کردوە.

ڕێگەی ئاوریشمی چین لە ئیتاڵیاوە بۆ هەموو یەکێتی ئەورووپا

ڕوسیا بە هەموو وزە و توانایەوە کار دەکات بۆ دروستکردنی گومان لە توانای یەکێتی ئەورووپا، بۆ مانەوەی لە سەر پێیەکانی لەمەو دوا، بەڵکوو حکوومەتی مۆسکۆ ڕێوپاگەندەی

کەرتی تەندروستیی زۆرێك لە وڵاتان شکستی هێنا

زۆرترین شتێك کە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئاشکرای کردوە ئەو «خۆپەرستییە سیاسییە»یە، کە زۆرێك لە دەوڵەتانی جیهانی گرتوەتەوە

شکستهێنانی یەکێتیی ئەورووپا دەکات، کە (27) دەوڵەتی ئەورووپایی لە خۆ دەگرێت، بەڵام توانای دابینکردنی ئامێرەکانی هەناسەدانی دەستکرد و ئامێرەکانی خۆپارێزی و کەرەنتینکردنی نییە، بەڵکوو ڕوسیا و چین دابینیان کردوە، بۆ ئیتاڵیا و ئیسپانیا و سربیا. لێرەدا پرسیارە گەورەکە ئەمەیە: ئایا ئەو باجە سیاسییە چییە، کە مۆسکۆ و بەیجین داوا لە دەوڵەتە ئەورووپاییەکان دەکەن، بیدەن لە بەرانبەر پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتییە پزیشکییەکان لەم قەیرانە مەترسیدارە، کە بەرۆکیانی گرتوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە ئیتاڵیا تاکە دەوڵەتی کیشوەری ئەورووپایە، چوەتە ناو دەستپێشخەریی «ڕێگەی ئاوریشم»ی چین، لە کاتێکدا چین هەوڵ دەدات، تاکوو ئیتاڵیا لە قۆناغی دوای کۆتاییهاتنی کۆرۆنایش لە چوارچێوەی ئەو دەستپێشخەرییەدا بنمێنێتەوە. لە لایەکی ترەوە هاوکاری و یارمەتییەکانی ڕوسیا بۆ دەوڵەتانی ئەورووپا ڕێگەی کردەوە بۆ وەستانی سزا ئابووری و سیاسییە سەپێنراوەکانی ئەورووپا بە سەر مۆسکۆدا، کە یەکێتیی ئەورووپا لە پاش چوونە ناوەوەی هێزەکانی ڕوسیا بۆ نیوە دوورگەی (کریما) لە ساڵی 2014دا سەپاندی بە سەر ڕوسیادا.

مەترسیدارتر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا

ئاشکرایە کە جیهانی دوای کۆرۆنا جیاواز دەبێت لەمەی ئێستا، بە تایبەتی لە بواری گواستنەوە بۆ ئابووری ژمارەکان و گرنگیدانی زیاتر بە تەندروستی گشتی، بەڵام ئایا دەوڵەتانی وەک چین و ڕوسیا ئامادە دەبن، بۆ ڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە سەرکردایەتیکردنی جیهاندا دروست دەبێت، گەر ویلایەتە یەکگرتوەکان بڕیار بدات بە خۆشی یان بە زۆر دەستبەرداری سەرکردایەتیکردنی جیهان ببێت؟.

ئێستا هەموو ئاماژەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە چین تەنانەت گەر لە قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستکەوتی ئابووریی گەورەیش بە دەست بهێنێت، کە پێشبینی دەکرێت بگاتە (6) تریلیۆن دۆلار و دەچێتە سەر ئەو (13) تریلیۆنەی تر، کە قەبارەی ئابووریی نەتەوەیی چینی پێک هێناوە. لە ڕاستیدا هەڵگرتنی بارگرانی سەرکردایەتیکردنی جیهان پێویستی بە وزە و توانای زۆر گەورەتر لە بودجە و دارایی هەیە، بەڵام هاوکێشەی تەواوکاریی لە نێوان هێزە سەربازییەکانی ڕوسیا و توانا ئابووریەکانی چین بۆ لێسەندنی دەسەڵاتی سەرکردایەتی جیهان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەندێک داتا و زانیاری کەمە، بە تایبەتی ئەو داتاو

هەڵەمتە تەندروستییەکانی سەردەمی کۆرۆنا، ئاستی هۆشیاریی تەندروستیی هاوڵاتیان بەرز دەکەنەوە

زانیارییانەی پێوەندییان بە هێزی نەرم هەیە؛ واتا گاپ و جیاوازییەکە لە نێوان «نەتەوە داهێنەرەکان» و «نەتەوە لاساییکەرەوەکان»دا زۆر گەورەیە. یەکێک لەو گومانانەی بەم دواییە بوەتە جێی مشتومڕێکی زۆر بەرپرسیارێتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، لە بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا «کۆڤید 19» لە چوارچێوەی جەنگی بازرگانی و سیاسی لەگەڵ چین، کە ئێستا بوەتە زلهێزێکی ئابووری و بازرگانی جیهانی. ئەوەی قەبارەی خەڵکی بەم گومانبردنە زیاتر کردوە، خواستی دەوڵەتە زلهێزەکانە بۆ دەستێوەردان بە جەنگی بایۆلۆژی، ئەمەیش ئەو گریمانەیەی بەهێزتر کردوە، کە بێباکی دەوڵەتانی زلهێزی جیهان ئەم گریمانەیەی کردوەتە بابەتێکی جێ مشتومڕ و قابیلی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، ئەوەیش لە سایەی ئەو زانیارییانەی ئاشکرا بوە، کە دەوڵەتە پێشکەوتوەکان خاوەنی قەبارەیەکی بێشووماری لەو ڤایرۆسە تاقیگەییە مەترسیدارانەی، کە ئەگەر بێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان بڵاو بکرێتەوە و بە کار بهێنرێت، توانای لەناوبردنی ملیۆنان مرۆڤ و گیانداری جۆراوجۆری لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە، وەك قۆناغی سەرەتایش گریمانەی بە ئامانجکردنی چین بە ڤایرۆسی «کۆڤید 19» گریمانەیەکی بەهێزە.

کۆرۆنا و جەنگەکانی (نەوەی زیرەکی شەشەم)

گریمانەی دووەم، کە سەرلەنوێ کەوتەوە بەر باس، بابەتی «جەنگی بایۆلۆژی»یە، بە تایبەتی دوای ئەوەی چەند ڕاپۆرتێکی زانستی ئاشکرایان کردوە، کە ئەگەری زۆر هەیە ڤایرۆسی کۆرۆنا «کۆڤید 19» لە ڕێگەی سەنتەرێکی توێژینەوەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی چەکی بایۆلۆژیی لە چین بڵاو کرابێتەوە، بۆیە ئەگەر ڕاستییەکەی بەو شێوەیە بێت، ئەوا هەڵگیرسانی جەنگی بایۆلۆژیی لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکاندا لە ئەگەرەوە دەبێتە ڕاستی، ئەمە لە کاتێکدایە، کە لە سەرتاسەری جیهاندا بە دەیان تاقیگە و سەنتەری توێژینەوەی بایۆلۆژی و ڤایرۆسی هەن، ئەمەیش بێ گومان پاڵپشتی قسەکانی شارەزایانی بوارەکە دەکات، کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی تاقیگەیی پراکتیکی بەرهەم هاتوە، لە هەلومەرجی جەنگی بازرگانیی گەرمی نێوان ئەمریکا و چین، کە بە جەنگەکانی (نەوەی زیرەکی شەشەم) دەناسرێت. ئەوەی زیاتر پاڵپشتی دروستی ئەم گریمانەیە دەکات، قازانجکردنی ملیارەها دۆلارە لە لایەن پێگەی (ئەمازۆن)ی ئەمریکییەوە، لە دوای ئەوەی کڕیاران لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەستبەرداری کڕین بوون، لە پێگەی (ئێکسپرێس)ی چینی، ئەوەیش لە پاش بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا. قازانجی کۆمپانیاکانی دروستکردنی دەرمان، کەرەستە پزیشکییەکان، ملیارەها دۆلارە. کۆمپانیاکانی دروستکردنی دەرمان و کەرەستە و ئامێرە پزیشکییەکان و ڤاکسینە دژە ڤایرۆسەکان لە جیهاندا، بە تایبەتی کۆمپانیا ئەمریکی و چینییەکان ساڵانە دەیان ملیار دۆلار قازانج دەکەن. لە ساڵانی ڕابردوودا کۆمپانیاکان دەرمان و ڤاکسینی دژەڤایرۆسەکانی (ئیبۆلا، سارس، ئەنفلۆنزای بەراز) و چەندین ڤاکسینی دژەڤایرۆس و نەخۆشی نوێیان بەرهەم هێناوە، کە بە شێوەیەکی کتوپڕ و بە بێ ئاگادارکردنەوە پەیدا بوون، ئەمە سەرەڕای ئەو قازانجە بێئەندازەیەی ئەو کۆمپانیایانە، بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییەکانی تەوە دەستیان دەکەوێت. پێشبینیکردنی سەرهەڵدانی نەخۆشی و پەتای دروستکراو وەك ڤایرۆسی کۆرۆنا ماوەیە جێی مشتومڕی زۆرە، بە تایبەتی دوای ئەوەی (بیل گەیتس)، دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفتی ئەمریکی لە کۆنگرەی کۆمەڵەی پزیشکیی (ماساچوستس) لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، پێشبینی دروستبوونی ڤایرۆسێکی پێشکەوتووی کرد، کە لە ماوەی سەرەتای بڵاوبوونەوەیدا، دەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی (33) ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهاندا، پاشان گەیتس هەستا بە خستنەڕووی توێژینەوەیەك دەربارەی چۆنێتی دروستکردنی نەخۆشییەکان و ڕوونکردنەوەی ئاستی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە ڕێگەی چینەوە بۆ هەموو جیهان.

کۆرۆنا چەکێکی بایۆلۆژییە

یەکتر تۆمەتبارکردنی هاوبەرانبەر لە نێوان ئەمریکا و چین بەم دواییە پێی ناوەتە ناو بازنەی سەوز، دوای ئەوەی کە سیناتۆری ئەمریکی (تۆم کۆتۆن) ڕای گەیاند: کۆرۆنا لە کارەساتی ئەتۆمی چێرنۆبڵ خراپترە. کۆتۆن بەرپرسانی چینی بە فێڵکردن لە ڕایگشتی تۆمەتبار کرد و ئاماژەیشی کرد

بـۆ پەرەپێدانـی ڤایرۆسـێك لـە نـاو تاقیگەکانـی چیـن وەکـوو چەکێکـی بایۆلـۆژی. هەروەهـا ئاشـکرای کـرد، کـە بەیجیـن ژمـارەی ڕاسـتەقینەی توشـبووەکان و مردووەکانـی بـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا ئاشـکرا نەکـردووە، بـەڵام لـە بەرانبـەردا وەڵامـی چیـن ئـەوە بـوو، کـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی بـە بڵاوکردنـەوەی ترس و تۆقاندن لـە جیهانـدا تۆمەتبـار کـرد و گلەیـی لـێ کـرد، کـە هیـچ هـاوکاری و یارمەتیەکـی ڕاسـتەقینەی پێشکەشـی چیـن نەکـردووە، بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا (کۆڤیـد- 19)، بـەڵام بـە پێچەوانـەی ئەمـەوە ئەمریـکا یەکـەم دەوڵـەت بـوو، کـە لـە دوای تەشـەنەکردنی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـەکە دەسـتە دیپلۆماسـی و کونسـوڵییەکانی لـە شـاری (ووهـان)ی مەرگەسـاتبار کشـاندەوە و هاتنـی هاوڵاتیانـی چینـی بـۆ نـاو ئەمریـکا قەدەغـە کـرد، و کۆمپانیـا ئەمریکییەکانـی ڕاسـپارد، تاکـوو چیـن جـێ بهێڵـن. حکوومەتـی چیـن لـە وەڵامـدا ئـەو سـەربازە ئەمریکییانـەی بـە بڵاوکردنـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا تۆمەتبـار کـرد، کـە ژمارەیـان (700) سـەرباز بـوو، لـە مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی 2019 بەشـداری پاڵەوانێتـی یارییـە سـەربازییەکانیان کـرد، کـە شـاری ووهانـی چیـن میوانـداری کـرد. ئـەو سـەربازە بەشـداربوانەی ئەمریـکا لـە پاڵەوانێتییەکـەدا وەك پیشـەی هەمیشـەیی تیمـە ئەمریکییـەکان سـەرکەوتنی گەورەیـان بـە دەسـت نەهێنـا، بەڵکـوو ئەجێندایەکی تریـان هەبـوو، کـە بریتـی بـوو لـە: بڵاوکردنـەوەی ڤایرۆسـەکە، لـە کاتـی هاتـن و چوونیـان بـە نـاو بازاڕەکانـی شـاری ووهـان، بـە تایبەتـی بـازاڕی خواردەمەنیـە دەریاییـەکان.

شوێنەوارە مەترسیدارەکانی تاقیکردنەوە بایۆلۆژییەکان

ڕەتدانـەوەی ئـەوەی وروووژێـنراوە سـەبارەت بـە دزەکردنـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا، لـە ڕێگـەی یەکێـك لـە تاقیگەکانـی ووهـان یـان پێوەندیداربوونـی بـە جەنگـی بایۆلـۆژی بەنـدە بـە چەنـد ڕاپۆرتێکـی چینـی، کـە باسـی هەبوونـی تیـۆری موئامەرەیەکـی خۆرئاوایـی دەکـەن، ئەمەیـش بـە ڕوونـی لـە لایـەن گوتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی حکوومەتـی چیـن (جینـگ شـوانگ)وە ڕاگەیەنـرا. لایەنـی ڕەسـمی چیـن ئەوەشـیان ڕاگەیانـد، کـە چیـن بـە تەنهـا شـەڕ بـۆ بەرژەوەندیـی خـۆی نـاکات، بەڵکـوو بـۆ بەرژەوەندیـی تەندروسـتیی گشـتی جیهانیـش شـەڕ دەکات، ئـەو تۆمـەت و دەنگۆیانەیشـیان ڕەت کـردەوە، کـە چیـن نیـاز و مەرامـی خراپـی هەبێـت و ڕێگەیدابێـت ڤایرۆسـی کۆرۆنـا لـە کارگـە و تاقیگەکانـی چینـەوە دزەی کردبێـت، و ئـەو تۆمەتـە هیـچ بنەمایەکـی زانسـتی و دروسـتی نییـە. لـە بەرانبـەردا (ئیگـۆر نیکۆلیـن)، ئەندامـی پێشـووی کۆمسـیۆنی چەکـە بایۆلۆژییەکانـی سـەر بـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئـەو گریمانەیـەی ڕەت نەکـردەوە و ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـرد، کـە دەرکەوتنـی ڤایرۆسـی کۆرۆنـای نـوێ، دەکرێـت دەرئەنجامـی بەکارهێنانـی چەکـی بایۆلۆژیـی ئەمریکـی بێـت. نیکۆلیـن داخسـتنی یەکێـك لـە تاقیگـە سـەربازییەکانی ئەمریـکای لـە ئەندەنوسـیا بـە بیـری جیهـان هێنایـەوە، لـە چوارچێـوەی هەمـوو تاقیگەکانـی ئەمریـکا لـە سەرتاسـەری جیهانـدا، کـە کـۆی گشـتییان دەگاتـە (400) تاقیگەی سـەربازی، کـە تاقیکردنەوەکانیـان بـە نهێنـی لـە سـەر ئەنفلۆنـزای باڵنـدە ئەنجـام داوە، و وەکـوو پەتایەکـی مەترسـیدار پۆلێنیـان کـردوە، ئەمـە سـەرەڕای هۆشـداریی شـارەزایانی سـەربازی لـە دروسـتکردنی چەکـە بایۆلۆژییـەکان، کـە لـە توانایاندایـە (400) ملیـۆن کـەس لـە هەمـوو جیهانـدا بکـوژن.

لە ڕاستیدا شـوێنەوارە مەترسیدارەکانی نەخۆشـییە بایۆلۆژییەکان لـە خێرایـی بڵاوبوونەوەیانـدا لـە نـاو مرۆڤـەکان و گیانـدارەکان و قورسـی جیاکردنەوەیـان لەگـەڵ حاڵەتـی نەخۆشـییە سروشـتییەکان و دەستنیشـانکردنی سـەرچاوەکەی بەرجەسـتە دەبێـت. پیسـبوونی ئـاوی خواردنـەوە بـە بەکارهێنانـی تەرمـی سـەربازە کـوژراوەکان، و بـە ئەنقەسـت بڵاوکردنـەوەی پەتـا و نەخۆشـییەکان لـە نـاو بـەرەی دوژمنـان مێژوویەکـی کۆنـی هەیـە، بەڵکـوو پەتـا قورسـەکانی وەکـوو کۆلێـرا و تاعـوون لـە ڕابردوویەکـی کـۆن و نزیکـدا ملیۆنـان خەڵکیـان لـە نـاو بـردوە. جیهـان بـەرەو گۆشـەگیری سیاسـی و گەڕانـەوەی هەیبـەت بـۆ دەوڵەتـی نیشـتمانیی (ناسیۆنالیسـتی) ڕاسـتڕەوی پـاش قۆناغـی کۆرۆنـا و هەڵوەشـانەوەی سیسـتەمەکانی هاریکارییـە ئابـووری و سیاسـییەکان هەنـگاو دەنێـت، وەك یەکێتیـی ئەورووپـا یـان یەکێتیـی وڵاتانـی ئەمریـکای لاتینـی. خۆرئـاوا لـە بەرژەوەندیـی خۆرهەڵاتـدا دەپووکێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی، کـە پێشـەنگایەتی ئەمریـکا لـە تاقیکردنـەوەی کۆرۆنـا شکسـت دەهێنێـت. شـتە سەیروسـەمەرەکانی قۆناغـی کۆرۆنـا زۆرن، لەوانـە: ترامـپ داوا لـە ناتانیاهـۆ دەکات بـە کەلوپـەل و ئامێـری پزیشـکی یارمەتـی ئەمریـکا بـدات، ناتانیاهـۆ لـە ڕێگـەی دەزگای (مۆسـاد)وە

کەلوپەل و ئامێرە پزیشکییەکان لە بازاڕی ڕەشی ئەمریکا و هندستان و بازاڕەکانی تریش کڕیوە و بەرەو تەلئەبیب بە ڕێ کراوە. سۆمالّ پزیشکەکانی بە مەبەستی هاوکاری و فریاکەوتن ناردوە بۆ ئیتالّیا، چەند دەوڵەتێك ئەو ئامێر و کەلوپەلە پزیشکییانەیان بۆ خۆیان گل دایەوە، کە بە ناو خاکەکەیاندا بۆ دەوڵەتانی تر بە ڕێ دەکران، سەردەمی مافیاکانی دەرمان و چەتەگەریی نێودەوڵەتی لە بواری کەرەستە و کەلوپەلە پزیشکییەکاندا دەستی پێ کردەوە. جیهانی ئەمڕۆ، جیهانێکە هەرزە سیاسییەکان بەڕێوەی دەبەن، بە بێ بوونی ئەو سەرکردە مێژوویانەی توانای یەکلاییکردنەوەی کێشە و قەیرانەکانیان هەیە، بۆیە بە دوور نازانرێت مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی قەیران و کارەساتی لەمەیش مەترسیدارتر ببێتەوە.

بژاردەیەك لە گوتەکانی سەرۆك وەزیرانی ئیتالّیا لە دوای گیرۆدەبوونی ولاّتەکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و مردنی هەزاران هاوڵاتی ئەو ولاّتە

«دوای کارەساتی مەرگی هەزاران هاوڵاتیمان بە کۆرۆنا، زۆر لووتبەرز و لەخۆبایی بووین، زۆر سەرقاڵ بووین، لە لەناوبردن و داگیرکردنی سروشت سڵمان نەکردەوە. جگە لە بەرژەوەندیی خۆمان، بیرمان لە هیچ شتێک نەدەکردەوە. وەک هەلپەرست و بەرژەوەندیخواز.

لاوازەکانمان دەچەوساندەوە و کرنوشمان بۆ خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەندەکان دەبرد.

باوەڕمان بوو وامان دەزانی، کە دەستووری ژیان لە سەر ئەو بنەمایە هاتوە و ئاوایش دەمێنێتەوە.

ئاسمانمان بە دووکەڵی قورقووشم و گازەکان ژەهراوی ڕەش کردبوو.

دەریامان خاڵی لە ماسی و پڕ لە پاشکۆکانی نەوت و ئاوەڕۆی زێراب و پیسی کردبوو.

بە ناوی دین، بە ناوی دیموکراسی، بە ناوی مافی مرۆڤ گەشتمان دەکرد.

شەڕوکاولکاری و دزیمان دەکرد و هەتا لە کوشتنی ژنان و منداڵانیش سڵمان نەدەکردەوە دەستمان بە خوێنیان ئاڵ ببوو، شەرمان لە خۆمان نەدەکرد.

سەبری خواش سنووورێکی خۆی هەیە، بەرگەگرتنی بوونەوەرەکانیش سنووری هەیە.

زەوی و ئاسمان بە ڕادەیەک توانای لە خۆهەڵگرتنی بارگرانی هەیە.

لە کۆتاییدا دەبوو کەسێک پەیدا بێت و فەرمان بە مرۆڤی مەست و سەرکێش و

لەخۆبایی بدات وپێی بڵێت:«بوەستە»!!.

ئەو بەرپرسیارێتییەش بەخشرا بە یەک ڤایرۆسی وردیلەی ژیر و بەهێز، تاکوو مرۆڤی داگیرکار لە جێگای خۆی بوەستێنێت، و بیخاتە سەر ئەژنۆ و بە ڕاشکاوانە تێی بگەیەنێت کە ئەی مرۆڤ:

تۆ زۆر لاوازیت، تۆ زۆر تەنهایت، تۆ زۆر ترسنۆکیت.

هەموو فرۆکەکان و شەمەندۆفێرەکانی لە سەر زەوی ڕاگرت.

هەموو ژووورەکانی بازرگانان و بازاڕەکانی بۆرسە سڕ کران.

دەرگاکانی ستادیۆمەکانی یاریکردنی و جێگاوبانی گەشتوگوزاری، چێشتخانەکان، گازینۆکان، سینەماکان، پارکەکان بە دەستی خودی خۆی مرۆڤ داخران.

بە هەسارەی زەوی گوت: ئێستا هەناسەت هەڵکێشە، بە ئاسمانی گوت ئێستا شین و ساف بە، بە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانی گوت ئێستا بسووڕێنەوە و شایی بکەن.

بە ئاژەڵانی گوت: ئێستا بە بێ ترسان لە مرۆڤی ڕاوچی و درندە، کە یەکێک لە درندەکان لە ناخیاندایە بە بێ ترس و بە خواستی خۆتان بژین.

فەرمانی بە مرۆڤ کرد «لە ماڵی خۆت بمێنەوە و هەر چیت هەبوە و بۆی ناسوپاسگوزار بووی بیری لێ بکەوە لەوانەیە هێشتا دەرفەتت مابێت، بۆ ئەوەی بە عەشقەوە بژیت».

سەرچاوەکان:

پێگەی گۆڤاری (المجلة)، ماڵپەڕی ئاژانسی (ئانادۆلۆ)

ماڵپەڕی (الاتحاد)ی ئیماراتی،سایتی (ستانەدرد)، سایتی (الغد)ی ئەردەنی

https://www.alghad.tv

http://skurd.net/2020

https://arb.majalla.com/node/82911

https://www.aa.com.tr/ks/072

https://ca.axar.az/news/farsi/456622.html

https://www.alittihad.ae/wejhatarticle/105732

FOCUS

نوێترین ژمارەی گۆڤارەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
2018idea@gmail.com
idea.foundation
idea_foundation
idea_foundation
07709556990 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیك کۆمەڵگەی بەهاران

ئاماری قوربانیانی پەتا و نەخۆشییەکان لە جیهاندا

قوربانیانی ئایدز

٪29 ڕۆژهەلاتی ئەورووپا ناوەڕاستی ئاسیا

٪10 ڕێژەی زۆربوون لە ڕۆژهەلاڕت ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا

٪7 ئەمەریکای لاتین

160 هەزار مندالّ تەمەنی 0_9 ساڵ لە ساڵێکدا

89 هەزار مندالّ تەمەنی 5 ساڵ لە سکپریدا

76 هەزار مندالّ کۆرپە

140 هەزار کچی گەنج

50 هەزار کوور

هۆکارەکانی تووشبوون لە جیهانی عەرەبی 2016



2016 زۆرترین گیان لەدەستدان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

3000 کەس لە سۆدان

1600 کەس لە سۆماڵ

4000 کەس لە ئێران

پەتا جیهانییەکان

قوربانیانی شێرپەنجە

7.4 ملیۆن گیان لەدەستدان لە ساڵێکدا

٪13 زیادبوونی ڕێژەی گیان لەدەستدان

1.3 ملیۆن گیان لەدەستدان شێرپەنجەی سیپەکان

519 هەزار گیان لەدەستدان شێرپەنجەی مەمك

803 هەزار گیان لەدەستدان شێرپەنجەی مەعیدە

610 هەزار گیان لەدەستدان شێرپەنجەی جگەر

639 هەزار گیان لەدەستدان شێرپەنجەی کۆڵۆن

نێر

٪31 بە هۆی شێرپەنجەی سیپەکان

٪4 بە هۆی شێرپەنجەی جگەر

٪6 بە هۆی شێرپەنجەی پەنکریاس

٪10 بە هۆی شێرپەنجەی پرۆستات

٪8 بە هۆی شێرپەنجەی کۆڵۆن

مێ

٪26 بە هۆی شێرپەنجەی سیپەکان

٪15 بە هۆی شێرپەنجەی مەمك

٪6 بە هۆی شێرپەنجەی هێلکەدان

٪6 بە هۆی شێرپەنجەی پەنکریاس

٪9 بە هۆی شێرپەنجەی کۆڵۆن

کۆرۆنا مەترسیدارترین نییە

ژمارەی ئەوانەی بە نەخۆشییەکانی تر ڕۆژانە گیان لەدەست دەدەن

ئامادەیی وڵاتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکان

وڵاتە عەرەبییەکان

زۆرترین		کەمترین	
سعودیە	49.3	سۆماڵ	16.6
ئیمارات	46.7	یەمەن	18.5
کوەیت	46.1	سوریا	19.9

سەرچاوە: ناڕانسەکان